**گواستنەوە و گۆڕان بۆ دیجیتاڵ**

**تەلەفزیۆنەکەت**

**کێبڵ و سەتەلایت**

**وەرگێری کارەبایی ( کونڤێرتەر )**

**پرسیاری گشتی**


---

## گواستنەوە و گۆڕان بۆ دیجیتاڵ

### ئایا گواستنەوە( یان گۆڕان) بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی(DTV ) چیە؟

گواستنەوە و گۆڕان لە تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ بۆ تەلەفزیۆنی پەخشی دیجیتاڵی پێی دەوترێت گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV). لە ساڵی 1996 ، کۆنگرێسی ئەمریکی رێگەی دا بە دابەش کردنی کەناڵێکی زیاتری پەخش کردن بۆ هەریەك لە وێستگەکانی تەلەفزیۆنی بۆ ئەوەی دەست بکەن بە پەخش کردنی کەناڵێکی دیجیتاڵی بۆ ئەوەی لەهەمان کاتدا بتوانن بەردەوام بن لە سەر پەخش کردن بەکەناڵی ئەنەلۆگی .لەدوای ئەمەش ، کۆنگرێس بڕیاڕیدا کەوا 17 شوباتی 2009 ببێتە دوا ڕۆژی پەخش کردن بەشێوازی ئەنەلۆگی لە وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو. وێستگەکانی پەخش کردن لە هەموو بازاڕەکانی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتی ئێستا پەخشەکانیان بە هەردووك شێوازی ئەنەلۆگی و دیجیتاڵی بڵاودەکەنەوە. لەدوای 17 ی شوباتی 2009 ، وێستگەکانی ووزە تەواو تەنها بە سیستەمی دیجیتاڵی پەخشەکانیان بڵاودەکەنەوە.

گەرانەوە بۆ پرسیارەکان

### ئایا بۆچی ئێمە تەلەفزیۆنەکانمان دەگۆڕین بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ ؟

سوودێکی گرنگی گۆڕان بۆ هەموو پەخشەکانی دیجیتاڵی بریتیە لە ئازاد کردنی چەند بەشێك لە پێکهاتەی شەپۆلی گرانبەهای پەخش کردن بۆ سەلامەتی پەیوەندي گشتی ( وەکو پۆلیس ، فەرمانگەکانی ئاگرکوژاندنەوە، تیمەکانی رزگار کردن). هەروەها هەندێك پێکهاتەی شەپۆڵ لەرێگەی کەم کردنەوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشرێنە ئەم کۆمپانیایانەی کەوا دەتوانن خزمەتگوزاری بێ تەلی ( وایەرلێس) پێشکەوتوو پێشکەش بە بەکارهێنەران بکەن ( وەکو سیستەمی وایەرلێسی فرە پەیام) .

هەروەها بەکار هێنەران ( هاوڵاتیان) سوود لەمە دەبینن چونکە پەخشی دیجیتاڵی رێگە بە وێستگەکان دەدات نیشاندانی وێنە و دەنگی باشتر لەسەر تەلەفزیۆنەکان پێشنیار بکەن وە سیستەمی دیجیتاڵی زۆر کاریگەر ترە لە سیستەمی ئەنەلۆگ. بۆ نموونە ، بێجگە لەوەی تەنها یەك بەرنامەی ئەنەلۆگی دەستەبەر بکات، وێستگەیەك دەتوانێت بەرنامەیەکی دیجیتاڵی زۆر باش " ئاست بەرز " ( HD) یان بەرنامەی دیجیتاڵی فرەلایەن " ئاست پێوانەیی " ( SD) لەهەمان کاتدا دەستەبەر بکات لە رێگەی پرۆسەیەك کە پێی دەوترێت " فرە هەڵبژاردن". فرە هەڵبژاردن رێگە بە وێستگەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی دەدات چەندین کەناڵی بەرنامەی دیجیتاڵی لەهەمان کاتدا پێشنیار بکەن بەبەکار هێنانی هەمان بڕی پێکهاتەی شەپۆڵی پێویست بۆ یەك بەرنامەی ئەنەلۆگ. بەم شێوەیە، بۆنموونە ، لەم کاتەی کەوا وێستگەیەکی پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی لەسەر کەناڵی 7 تەنها دەتوانێت یەك بەرنامەی نیشان بدات، وە کەوا وێستگەیەکی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ لەسەر کەناڵی 7 تەنها دەتوانێت یەك بەرنامەی دیجیتاڵی لەسەر کەناڵەکانی 7-1 نیشان بدات ، وەبەرنامەی دووەمی دیجیتاڵی لەسەر کەناڵی7-2 ، وە بەرنامەی سێیەمی دیجیتاڵی لەسەر کەناڵی 7-3 ، وە بەم شێوەیە.ئەمەش مانای بووونی رێگەی جیاوازی سەیر کردنی بەرنامەکانە لەلایەن بینەرانی تەلەفزیۆن.

گەرانەوە بۆ پرسیارەکان

### من چیم پێویستە بۆ ئەوەی ئامادە بم بۆ کۆتایی هێنان بە پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ؟

لەبەر ئەوەی گۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاڕی لەسەر ئەوەدا کەوا دوا ڕۆژ بۆ وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو بۆ ئەوەی پەخشەکانیان بە شێوازی ئەنەلۆگی بڵاوبکەنەوە بریتیە لە 17 ی شوباتی 2009، بۆیە پەخش کردنی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆن لەدوای ئەم بەروارە تەنها بەشێوازی دیجیتاڵی دەبێت. ئەگەر تەلەفزیۆنێك یان زیاترت هەیە کەوا بەرنامەی تەلەفزیۆنی راستەوخۆ نیشان دەدات ( بەهۆی ئەنتێنایەکی سەربان یان " ئارێیلی گوێ کەروێشك" لەسەر تەلەفزیۆنەکە) ، ئەوا جۆری ئەم تەلەفزیۆنەی کە تۆ هەتە زۆر گرنگە. تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵ ( تەلەفزیۆنێك کەوا ئامرازی ناوخۆی ( تیونەر) بۆ گەڕان بەدوای کەناڵەکانی

تیادایه) ڕێگەت پێدەدات بەردەوام بیت لەسەیر کردنی بەرنامە ڕاستەوخۆکان لەدوای 17 شوباتی 2009. هەرچۆنێك بێت ، ئەگەر تۆ تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگت هەیە، ئەوا تۆ پێویستیت بە وەرگێرێکی کارەبایی( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بەردەوام بیت لەسەر سەیر کردنی پەخشی تەلەفزیۆن لەسەر ئەم کۆمەڵەیە. هەروەها ئەم وەرگێرە کارەباییە وا دەکات تۆ بتوانیت سەیری بەرنامەی زیاتری فرە هەڵبژاردن بکەیت کە وێستگەی تەلەفزیۆنە ناوخۆکان نیشانی دەدەن.

حکوومەت بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگی داهێناوە بۆ ئەوەی یارمەتی هاوڵاتیان بدات لە گۆڕینی پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ بۆ پەخشی دیجیتاڵ . بەڕێوەبەرایەتی نیشتیمانی بۆ گەیاندن و زانیاریەکان(NTIA) کە بەشێکە لە فەرمانگەی بازرگانی ئەم بەرنامەیە بەڕێوە دەبات. هەموو خێزانێکی ئەمریکی شیاوە بۆ وەرگرتنی دوو کۆبۆن ، کە هەریەکەیان دەکاتە 40 $، بەرانبەر بە کڕینی وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ . لە مانگی کانوونی دووەمی 2008 وە، NTIA دەستی کردووە بە قبوڵ کردنی داواکاري هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی کۆبۆنەکان. لەوانەیە کۆبۆنەکان تەنها بەکاربێن بۆ وەرگێری کارەبایی شیاو کەوا لە لایەن فرۆشیارە بەتاکەکانی کەلوپەلی کارەبایی دەفرۆشرێن ، وە دەبێت کۆبۆنەکان لە کاتی کڕینیان بەکار بێن.( تکایە ئاگادار بە کەوا بەرواری ئەم کۆبۆنانە دوای 90 ڕۆژ لە ناردنیان بەسەر دەچن ( ئێکسپایەر دەبن) ) . کۆمپانیا دروستکەرەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کەوا نرخی فرۆشتنی هەریەك لە وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بریتی بێت لە 40-70$. ئەمەش تێچووی یەك جار کڕینە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ سەردانی سایتی [www.dtv2009.gov](http://www.dtv2009.gov) بکە ، وەیان تەلەفۆن بۆ 2009-388-888-1 ( دەنگ) وەیان 1- 530-877-2634 (TTY) بکە.

نابێت بەرواری کۆتایی 17 شوباتی 2009 بەهۆی پەخش کردنی ئەنەلۆگی ووزە تەواو کاریگەری هەبێـ لەسەر بەشداربووانی تەلەفزیۆنی گەیەنراو و نەگەیەنراو ( بەهۆی بەکار هێنانی کیبڵ وەیان سەتەلایت) کە تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگ بەکاردێنن لەگەڵ خزمەتگوزاری کیبڵ یان سەتەلایت .

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکانی](#)

**ئایا دەبێت من تا دوای 17ی شوباتی 2009 چاوەڕوان بکەم تا سەیری تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بکەم؟**

نەخێر ، تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ ئێستا هەیە. ئەگەر تۆ ئەمڕۆ سەیری تەلەفزیۆنی پەخشی ڕاستەوخۆ دەکەیت ، ئەوا دەبێت تۆ بتوانیت هەموو یان زۆربەی نیشانەکانی دیجیتاڵی وێستگەکانی ناوخۆ وەربگرن ئەگەر ڕسیڤەرێکی تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵیت هەبێت. لەوانەیە بتوانیت لە کەناڵە ناوخۆیەکانت سەیری بەرنامە ئاست بەرز یان فرە هەڵبژاردنەکان بکەیت. سەیری لیستی بەرنامە ناوخۆیەکان بکە وەیان پەیوەندی بکە بە وێستگەکانی ناوخۆیی تەلەفزیۆن بۆ دۆزینەوەی ئەم تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەی کەوا هەیە. سایتی [www.dtv.gov](http://www.dtv.gov) بریتیە لە وێب سایتی تایبەتی FCC کە زانیاری زیاتری تیادایە دەربارەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ ، وەیان تەلەفۆن بۆ ژمارە 1-888-225-5322 (TTY: 1-888-835-5322) بکە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان](#)

**ئایا بەرواری 17 شوباتی 2009 بۆ کۆتایی هاتنی ماوەی پەخش کردن بە تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی ووزە تەواو دوا دەخرێت؟**

کۆنگریسی ئەمریکی بڕیاری لەسەر ئەوەدا کەوا17 ی شوباتی 2009 بریتیە لە دوا ڕۆژی بڵاوکردنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی ووزە تەواو. دەزگاکانی حکومەت و پیشەسازی و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخراوە پەیوەستەکانی تر زۆر هەوڵ دەدەن دڵنیابن لە پابەند بوونیان بە بەرواری کۆتایی و بەوەی کەوا هەموو کەسێك ئامادەیە کۆتایی بە پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی ووزە تەواو بهێنێت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان](#)

**من تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی کۆنم هەیە ، ئایا دەبێت لەدوای 17 شوباتی 2009 فڕێ ی بدەم ؟**

نەخێر ئەم وەرگێرە کارەبایەی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ڕێگەت پێدەدات بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەت بۆ سەیر کردنی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی . پێویست ناکات ئەنتێناکەت بەکار نەهێنیت وە یان لای ببەیت. سەرباری ئەمەش ، دەبێت تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگیەکان وەکو پێشتر کار بکەن ئەگەر لەگەڵ خزمەتگوزاریەکی بەشداربوون وەکو تەلەفزیۆنی کیبڵ و سەتەلایت. هەروەها دەبێت ئامێرە ئەنەلۆگیەکان بەردەوام بن لە کار کردن لەگەڵ DVD و VCR ئامێری یاری کردن و کەرستەی هاوشێوەی تر کەوا تۆ ئێستا بەکاریان دەهێنیت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان](#)

**تەلەفزیۆنەکەت**

**ئەگەر من تەلەفزیۆنێکی نوێم بوێت، ئایا پێویست دەکات تەلەفیزیۆنێکی ئاست بەرز بکڕم (HDTV) بۆ سەیر کردنی تەلەفزیۆنێکی پەخش دیجیتاڵی لەدوای گواستنەوەکە( گۆڕین)؟**

نەخێر . زۆر گرنگە ئەوە بزانیت کەوا گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی(DTV) بریتیە لە گواستنەوە و گۆڕان لە پەخشی ئەنەلۆگی بۆ پەخشی دیجیتاڵی . بەڵام بریتی نیە لە گواستنەوە لە پەخشی ئەنەلۆگی بۆ پەخشی ئاست بەرز ( HD). پەخشی دیجیتاڵی ڕێگە بە پەخش کردنی تەلەفزیۆنی ئاست بەرز دەدات بەڵام پەخشی ئاست بەرز پێویست نیە ، وە پێویست ناکات تۆ تەلەفزیۆنێکی ئاست بەرز (HDTV) بکریت بۆ ئەوەی سەیری تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی بکەیت. تەنها تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی ئاست پێوانەیی ( کەوا بریتیە لە تەلەفزیۆنێکی ئاسایی کە ئامرازی ناوخۆی ( تیونەر) دیجیتاڵی بۆ گۆڕینی کەناڵەکانی هەیە) ، وەیان وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ کە بەسترابێت لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی پێویستە بۆ بەردەوام بوون لەسەر سەیر کردنی پەخشی تەلەفزیۆنێك. تەلەفزیۆنی پەخش دیجیتاڵی شێوازەکانی ئاست پێوانەیی( SD) و ئاست بەرز ( HD) دەگرێتەوە. دەتوانیت سەیری بەرنامەکانی ئاست بەرز بکەیت لەسەر تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی ئاست پێوانەیی ( وەیان لەسەر تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی کەوا بەستراوە بە وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵی بۆ ئەنەلۆگ ) ، بەڵام لە جۆری ئاست بەرزی تەواو نابێت. هەروەها ئەمەش گرنگە بزانیت کەوا تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی ئاست پێوانەیی بەبەراورد لەگەڵ هەمان قەبارەی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ هەمان نرخیان هەیە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**چۆن دڵنیابم لەوەی کەوا من تەلەفیزیۆنێکی دیجیتاڵ دەکڕم ( DTV)؟**

بەگوێرەی یاسا ، سەرەتای 1ی ئازاری 2007 ، دەبێت هەموو ئامێرەکانی وەرگرتنی تەلەفزیۆنی ( لەوانەش VCRs, DVRs و تەلەفزیۆن و هی تر ) هاوردەی وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت وەیان لە ڕێگەی بازرگانی نێوان وویلایەتەکان دەهێنرێت ئامرازی دیجیتاڵی گۆڕینی کەناڵەکانی ( تیونەر) لەگەڵدا بێت. لەوانەیە فرۆشیارە بەتاکەکان بەردەوام بن لە فرۆشتنی ئەم ئامێرانەی کەوا تەنها ئەنەلۆگن ، بەڵام دەبێت بەڕوونی نیشانی بدەن کە ئەمە ئامێرێکی ئەنەلۆگە وەیان لەزگەی ئاگادار کردنەوەی بەکار هێنەر لە نزیك ئامێرە تەنها ئەنەلۆگیەکە لێبدات.

**نارەنێهراكەب ىەوەندرك رادڭائ**

**ەراك ىكێڕێگرەو ەب ىتسيويێپ ەو ەيەه ىگۆلەنەئ ىرەنويت كەي اەنەت ەنۆيزفەلەت ىەرەڤيسر مەئ ەكنوچ كەيانێتنەئ ڵەگەل ناكۆخەتسڕا ەشخەپ ىنترگرەو ۆب 2009 ىتابوش 17 ىاودەل ەيەه ىياب ەنەئ اەنەت ىنۆيزفەلەت تێبەد .ىڵاتيجيد ىشخەپ ۆب تێڕۆگەد اكيرمەئ ەل ىنۆيزفەلەت ىشخەپ و ندرك ىراي ىناكەرێمائ و تيالەتەس و ىڵبێك ىنۆيزفەلەت ىرازوگتەمزخ ڵەگەل رتشێپ وكەو گۆل ەيدنەويەپ ىەنژيل ەب ەكب ىدنەويەپ ، رتايز ىرايناز ۆب .تاكب راك ەوێشواه ىرێمائ وDVD وVCRs ەلەت ىتياس بێو ىنادرەس نايەو (TTY: 1-888-835-5322) 888-225-5322 ىەرامژ ەب ىڵاڕديف ىناك ىنۆيزف ىڵاتيجيد ىەنژيل ەكب : www.dtv.gov**

بۆیە ،دەبێت هەموو ئامێرەکانی تەلەفزیۆن کەوا فرۆشراون تیونەری دیجیتاڵی تیادا بێت ، وەیان دەبێت لەکاتی فرۆشتیان نیشان درابن کەوا ئەم تیونەرەیان تیادا نیە.ئاگاداری ئەم لەزگەیە( لەیبڵ) و سنوورەکانی ئامێرەکانی تەنها ئەنەلۆگ بە ئەگەر تۆ دەتەوێت تەلەفزیۆنێکی نوێ وەیان ئامێرەکانی تەلەفزیۆن بکریت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**چۆن بزانم کەوا من پێشتر تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵم (DTV) هەیە؟**

زۆر لە تەلەفزیۆنە دیجیتاڵیەکان و ئامێرەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ نیشانە و لەزگەیان لەسەر دەدرێت وەیان ڕوون کردنەوە لەناو نامیلکەی زانیاریەکان کەوا لەگەڵیاندا دێن دەنووسرێت ، بۆ ئەوەی بەدیار بخرێت کەوا تیونەری دیجیتاڵیان لەگەڵدایە. لەوانەیە ئەم لەزگە و نیشانانە هەندێك ووشەی وەکو "Digital Tuner," یان"Integrated Digital Tuner," "Digital Tuner Built-In," "Digital Receiver," "ATSC," "DTV," یان"HDTV" ی تیادا بێت . ئەگەر ئامێری تەلەفزیۆنەکەت هەریەکێك لەم نیشانە و لەزگانەی تیادا بێت ، ئەوا دەبێت تۆ بتوانیت سەیری بەرنامەی دیجیتاڵی ڕاستەوخۆ بکەیت بەبێ بەکار هێنانی وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ.( بیرت نەچێت کەوا تۆ پێویستیت بە تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی ئاست بەرز(HDTV) نیە بۆ سەیر کردنی بەرنامە ڕاستەوخۆکانی دیجیتاڵی. مادام تەلەفزیۆنەکەت تیونەری دیجیتاڵی (ئامرازی دیجیتاڵی گۆڕینی کەناڵەکانی) تیادایە، بۆیە دەتوانیت سەیری بەرنامەکانی دیجیتاڵی بکەیت. تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی ئاست بەرز(HDTV) تەنها لەکاتێك پێویستە ئەگەر تۆ بتەوێت سەیری بەرنامەکانی

ئاست بەرز لە جۆری ئاست بەرز بکەیت.) هەروەها دەبێت سەیری ڕێبەرەکە ( نامیلکە) یان هەر لاپەڕەیەکی تر بکەیت کەوا لە گەڵ ئامێری تەلەفزیۆنەکە دایە بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئەگەر ئامرازی دیجیتاڵی گۆڕینی کەناڵەکانی لەگەڵدایە یان نا.

ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت ئەم ووشانەی لەسەر بێت : "Digital Monitor" or "HDTV Monitor," یان "Digital Ready" یان "HDTV Ready," ، ئەوا مانای وانیە کەوا بەڕاستی ئامرازێکی دیجیتاڵی گۆڕینی کەناڵەکانی ( تیونەر ) تیادایە. بەمەش لەوانەیە هێشتا تۆ بەجیا پێویستیت بە ئامێرێکی وەرگرتنی پەخشە جیاوازەکان ( STB) هەبێت کەوا تیونەرێکی دیجیتاڵی تیادایە بۆ ئەوەی بەرنامە دیجیتاڵیەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ ببینیت.

دەتوانیت ئامێرێکی دیجیتاڵی وەرگرتنی پەخشە جیاوازەکان ( STB) بۆ مۆنیتەری ئاست بەرز یان دیجیتاڵی ( Digital Monitor"یان "HDTV Monitor," ) لە کۆگاکانی فرۆشتنی بەتاك بکڕیت. هەروەها کۆمپانیاکانی تەلەفزیۆنی گەیەنراو و نەگەیەنراو ( کیبڵ و سەتەلایت) ئامێرێکی STB بۆ خزمەتگوزاریە دیاری کراوەکانیان دەفرۆشن یان بەکرێ دەدەن. ( تێبینی: ئامێری دیجیتاڵی STB لێرە هەمان ئەم ئامێری وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ نیە کەوا لەسەرەوە باسکراوە کە بەکار دێت بۆ گۆڕینی پەخشی ڕاِستەوخۆی دیجیتاڵی بۆ سەیر کردنی لەسەر تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگ).

ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت "analog" یان "NTSC," ی لەسەر نووسرابێت ، وە تیونەری دیجیتاڵی( )digital tuner لەسەر نەبێت ، ئەوا ئەم تەلەفزیۆنە تەنها تیونەری ئەنەلۆگی تیادایە.

ئەگەر تۆ ناتوانیت بڕیار بدەیت ئاخۆ تەلەفزیۆنەکەت یان ئامێرەکانی تری تەلەفزیۆن تیونەرێکی دیجیتاڵی تیادایە ، ئەوا تۆ ئامۆژگاری دەکرێیت بەوەی سەیری ئامێرەکەت بکەیت بۆ دۆزینەوەی ناوی کۆمپانیای دروستکەر وەیان ژمارەی مۆدێل ، وە پاشان پەیوەندی بکە بە فرۆشیاری کەلوپەلی کارەبایی بەکارهێنەر یان کۆمپانیای دروستکەری تەلەفزیۆنەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کەوا تەلەفزیۆنەکە تیونەری دیجیتاڵی تیادایە. هەروەها لەوانەیە ئەم زانیاریانە لەسەر وێب سایتی کۆمپانیای دروستکەری تەلەفزیۆنەکە هەبێت.

لەبەر ئەوەی زۆربەی وێستەگەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی لە بازاڕەکانی تەلەفزیۆنی ئەمریکا بەشێوازی دیجیتاڵی پەخشەکانیان بڵاودەکەنەوە ، بۆیە بەکارهێنەران دەتوانن ئەمڕۆ سەیری تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بکەن. دەتوانیت پەیوەندی بە وێستگە ناوخۆیەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی بکەیت بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەم کەناڵانەی کەوا وێستگەکانی تەلەفزیۆنی لەکاتی ئێستادا بەرنامەکانی دیجیتاڵیان لەسەر پەخش دەکەن. پاشان دەبێت تۆ دڵنیا بیت لەوەی کەوا تەلەفزیۆنەکەت بەشێوەیەك پرۆگرام ساز کراوە کە بتوانێت بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ وەربگرێت ( هەروەك بەوە جیا دەکرێتەوە کەوا گەیەنراوە ( بەستراوە) بە بە کۆمپانیایەکی تەلەفزیۆنی بەپارە وەکو خزمەتگوزاریەکی تەلەفزیۆنی سەتەلایت یان کێبڵی ) ، وە پاشان لەسەر کەناڵەکانی دیجیتاڵی ڕاستەوخۆ دایان بنێ بۆ ئەوەی ببینیت ئاخۆ تەلەفزیۆنەکەت توانای وەرگرتنی بەرنامەکانی پەخشی دیجیتاڵی هەیە یان نا.

[گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان]

**جیاوازی چیە لە نێوان تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی(DTV) " تەواوکراو" و " مۆنیتەرەکانی " تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی یان تەلەفزیۆنی جۆری ئاست بەرز (HDTV ) ؟**

تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی تەواوکراو بریتیە لە تەلەفزیۆنێك کەوا تیونەری دیجیتاڵی تیادایە ( هەروەها پێی دەڵێن تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی (DTV) ) . هەروەها هەندێك جار پێی دەوترێت تیونەری دیجیتاڵی یان ئامێری کردنەوەی کۆدەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ وەیان ڕسیڤەری تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ. ئەگەر تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی تەواوکراوت هەیە ، ئەوا تۆ پێویستت بە هەر ئامێرێکی زیاتر دەبێت بۆ وەرگرتنی بەرنامەکانی پەخشی دیجیتاڵی ڕاستەوخۆ ، بێجگە لە ئەنتێنایەك ( یان ئەنتێنایەکی سەربان وەیان " ئاریێلی گوێ کەروێشك " کەوا بەستراوە بە تەلەفزیۆنەکە). هەروەها دەکرێت تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی تەواوکراو بەرنامەکانی پەخشی ئەنەلۆگی وەربگرێت و نیشان بدات بۆ ئەوەی تۆ بەردەوام بیت لەسەیر کردنی پەخشەکانی سیستەمی ئەنەلۆگی.

بە پێچەوانەی ئەوەوە، مۆنیتەري تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV Monitor) ناتوانێت بەرنامەی تەلەفزیۆنی پەخشی دیجیتاڵی وەربگرێت بەبێ بەکار هێنانی ئامێری زیاتر : کە بەشێوەیەکی سادە بریتیە لە ئامرازێکی نیشاندان بەبێ بوونی توانای وەرگرتن بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی. دەبێت ئامێرێکی STB دیجیتاڵی وەیان ئاست بەرز ( HD) ببەسترێت لەنێوان ئەنتێنا و مۆنیتەرەکە بۆ وەرگرتن و نیشاندانی بەرنامەکانی دیجیتاڵی یان ئاست بەرز( HD ).

ئەگەر تۆ مۆنیتەرێکی دیجیتاڵی وەیان ئاست بەرزت هەیە(HD "Monitor") و حەز دەکەیت ئامێرێکی STD دیجیتاڵی یان ئاست بەرز بکڕیت بۆ سەیر کردنی بەرنامەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ ، ئەوا لەگەڵ فرۆشیارەکەت دڵنیابەوە لەوەی کەوا ئامێری STD دەگونجێت لەگەڵ مۆنیتەرەکەت.

[گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئەی چی دەربارەی VCR و DVD و ئامێری وێنە گرتنی ڤیدیۆ و ئامێری یاری کردنەکەم ؟ ئایا من دەتوانم لەگەڵ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بەکاریان بێنم ؟**

بەڵێ. ئامێرەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بریتین لە" گونجانی دواوە"( backward compatible ) واتە ئەم ئامێرە ئەنەلۆگیانەی کەوا ئێستا هەن (DVD،VCRs ، ئامێری وێنە گرتنی ڤیدیۆ، ئامێرەکانی یاری کردن و هی تر) لەسەر ئامێری تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ کار دەکات. هەرچۆنێك بێت ، ڤیدیۆیەکانیان تەنها بەگەورەترین قەبارە کەوا لەگەڵ ئامێرە ئەنەلۆگیەکان هەیە نیشان دەدرێت. کۆمپانیاکانی دروستکەر ژمارەیەك لە کەرستەی بەیەك بەستنی جیاواز (پلاکی بەیەك بەستن) دروست دەکەن بۆ بەستنەوەی ئامێرەکان بەیەکەوە و بۆ باشتر کردنی جۆری دەنگ و وێنەکان کاتێك تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ لەگەڵ ئەم ئامێرانەی ئێستای ئەنەلۆگ هەیە. پەیوەندی بە فرۆشیاری کەرستە کارەبایەکان بکە بۆ ئەوەی بزانیت کام جۆری کەرستەکانی بەیەك بەستن لەگەڵ ئامێرەکەی تۆ دەگونجێت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**من چۆن بەرنامەکانی DTV یان HDTV بەدەست بهێنم؟**

بۆ ئەوەی بتوانیت بەرنامەکانی دیجیتاڵی راستەوخۆ وەربگریت ( بەبەراورد لەگەڵ بەرنامەکانی دیجیتاڵی کەوا لەلایەن وێستگەیەکی بەپارە دەستەبەر دەکرێت وەکو خزمەتگوزاری سەتەلایت و کێبڵ ( گەیەنرا و نەگەیەنراو)) ، تۆ پێویستیت بە ئەمانە دەبێت : (1) تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵ ( تەلەفزیۆنێك کەوا تیونەری دیجیتاڵی تیادایە) وەیان تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگ کەوا بەستراوە بە وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ وە (2) ئەنتێنایەك ( یان ئەنتێنای سەربان وەیان " ئاریێلی گوێ کەروێشك " کە بەسترابێت بە تەلەفزیۆنەکەت) . بەشێوەیەکی گشتی ، ئەنتێنایەك کەوا وەرگرتنی باش بۆ پەخشەکانی راستەوخۆی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ دەستەبەر دەکات بۆ پەخشەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی بەکار دێت.

کۆمەڵێك لە وێستگەکانی تەلەفزیۆنی لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوا بەرنامەکانیان بە شێوازی دیجیتاڵی بڵاودەکەنەوە لەسەر ئەم سایتە تۆماری کراون **[http://www.fcc.gov/mb/video/files/dtvonair.html](http://www.fcc.gov/mb/video/files/dtvonair.html)**. وێستگەکانی تەلەفزیۆنی سەتەلایت و زۆر لە سیستەمەکانی کێبڵ لە کاتی ئێستا بەرنامەی دیجیتاڵی بەکار دەهێنن و پێشکەش دەکەن. دەبێت بەشدار بووان لەگەڵ کۆمپانیای دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆن قسە بکەن بۆ ئەوەی بزانن کەوا چ جۆرە بەرنامەیەکی دیجیتاڵی لە ناوچەکەی خۆیان هەیە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا من پێویستم بە ئەنتێنایەکی تایبەتی هەیە بۆ وەرگرتنی پەخشی راستەوخۆی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ(DTV) ؟**

بەشێوەیەکی گشتی ، وەرگرتن و سەیر کردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی بەشێوەیەکی پشت پێبەستراو پێویستی بە هەمان جۆر ئامێری وەرگرتنی نیشانەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی دەبێت کەوا لەکاتی ئێستادا کار دەکات بۆ دەستەبەر کردنی جۆری باش لە وەرگرتنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ. ئەگەر تۆ پێویستیت بە ئەنتێنایەکی ( ئاریێل) سەربان هەیە بۆ وەرگرتنی پەخشەکانی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ ، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی هەمان ئەنتێنا بەکاردێت بۆ وەرگرتنی پەخشەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ. پێویست ناکات ئەنتێنایەکی نوێ بکڕیت کەنیشانەی "digital ready" یان "HD ready." یان لەسەرە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئەو تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگە کۆنەی کەوا بە تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵ دەیگۆڕمەوە چی بەسەر دێت؟ ئایا هەوڵ دەدرێت دووبارە سوود لەپارچە و کەرستەکانی وەربگیرێتەوە؟**

هەندێك بەرنامەی دووبارە بەکارهێنانەوە و سوود وەرگرتنەوە لەکەرستە بەکارهاتووەکان هەیە بۆ ئەم کەسانەی کەوا دەیانەوێت تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی کۆن وەیان کەرستەی کارەبایی فڕێ بدەن ( بەڵام بیرت نەچێت کەوا دەکرێت تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ دوای گواستنەوە و گۆرانیش بۆ پەخشی دیجیتاڵی بەکار بێت) . یەکێك لەو بەرنامانە بریتیە لە myGreenElectronics . تۆ دەتوانیت لە رێگەی ئەم بەرنامەوە رێگەکانی فرێدان و بەرنامەی دووبارە سوود وەرگرتنەوە لە کەرستە کارەبایەکان هەڵبژێریت. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی سایتی **[http://www.mygreenelectronics.org](http://www.mygreenelectronics.org)** بکە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**کێبڵ و سەتەلایت**

**ئایا گواستنەوە بۆ ( گۆڕان) تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ کاریگەری دەبێت لەسەر ئامێرەکانی تەلەفزیۆن کەوا لەگەڵ خزمەتگوزاریە گەیەنراوەکان ( بەهۆی بەکار هێنانی کیبڵ) بەستراون؟**

نەخێر. ئەگەر تۆ بەشداری لە خزمەتگوزاری گەیەنراو( کێبڵ) بکەیت ، ئەوا نابێت گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ کاریگەری هەبێت لەسەر هیچ ئامێرێکی تەلەفزیۆن کەوا لەگەڵ خزمەتگوزاری کێبڵ بەکار دێت. گواستنەوە ( گۆڕین) بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ تەنها لەسەر وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو جێ بەجێ دەبێت ( ئەم وێستگەیانەی کەوا شەپۆڵی هەوایی گشتی بەکار دەهێنن بۆ گواستنەوەی بەرنامەکانیان بۆ تەماشاکەران لەرێگەی بەکار هێنانی ئەنتێنایەکی وەرگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا FCC دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری گەیەنراو ( بەهۆی بەکار هێنانی کیبڵ) بۆ خزمەتگوزاری دیجیتاڵ ؟**

نەخێر. کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری کێبڵی پێویست ناکات خزمەتگوزاریەکانیان بۆ خزمەتگوزاری دیجیتاڵی بگۆڕن. لەوانەیە کۆمپانیاکای کێبڵی هەموو خزمەتگوزاریەکانیان وەیان بەشێکی بکەنە دیجیتاڵ ، بەڵام پێویست ناکات لەسەریان ئەم خزمەتگوزاریە ئەنەلۆگیەی کەوا ئەمڕۆ پێشکەشی دەکەن بگۆڕن. لە ڕاستیا، FCC لە سەر کۆمپانیاکانی کێبڵی پێویست دەکات بەردەوام بن لە سەر دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری ئەنەلۆگی بۆ وێستگە ناوخۆیەکان تا ئەو کاتەی کەوا هەر خزمەتگوزاریەکی ئەنەلۆگی پێشکەش دەکەن هەتاکو ئەگەر لەدوای 17 ی شوباتی 2009 ش بێت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری گەیەنراو ( کێبڵی )دەتوانن وا بکەن من سندوقێکم دەست کەوێت بۆ وەرگرتنی کەناڵە گەیەنراوەکان کەوا من ئەمڕۆ بەبێ بەکار هێنانی سندوقێك سەیریان دەکەم؟**

هەندێك لە کۆمپانیا کێبڵیەکان بڕیاریانداوە خزمەتگوزاریەکانیان بگۆڕن بۆ سیستەمی دیجیتاڵی . ئەمە بڕیارێکی بازرگانیە کەوا لەلایەن کۆمپانیاکانی کێبڵیەوە دراوە وە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵیەوە داوا نەکراوە. لەوانەیە کۆمپانیا کێبڵیەکەت بڕیاڕ بدات هەندێك کەناڵی کێبڵی لە ئاستی خزمەتگوزاری ئەنەلۆگی بگوازێتەوە بۆ ئاستی کەناڵەکانی خزمەتگوزاری دیجیتاڵی، وەیان لەوانەیە بڕیاڕ بدات یەکسەر بۆ هەموو خزمەتگوزاریەکانی دیجیتاڵی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی هیچ کۆمەڵەیەکی خزمەتگوزاری ئەنەلۆگی بۆ بەشداربووان نەمێنێت. ئەگەر کۆمپانیای کێبڵیەکەت بڕیاڕ بدات کەوا هەندێك وەیان هەموو کەناڵەکانی بگوازێتەوە بۆ سەر کۆمەڵەی کەناڵەکانی خزمەتگوزاری دیجیتاڵ ، ئەوا لەوانەیە ئەم کۆمپانیایە لەوە ئاگادارت بکاتەوە کەوا تۆ پێویستیت بە ئامێری " کێبڵی دیجیتاڵی هەیە" بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لەسەر وەرگرتنی هەمان خزمەتگوزاری کێبڵی ( گەیەنراو). لەوانەیە ئەمەش کڕینی وەیان بەکرێ گرتنی ئامێرێکی STB وەیان کڕینی تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی بە کێبڵ ئامادەکراو (cable ready) کەوا شوێنی لەناودانانی " کارتی کیبڵی"( CableCARD) تیادایە بگرێتەوە. ئامێری کێبڵی دیجیتاڵی جیاوازە لەگەڵ وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵی بۆ ئەنەلۆگ کەوا بەکاردێت بۆ وەرگرتنی نیشانەکانی پەخشی هەوائی راستەوخۆ.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**من چۆن بزانم ئەگەر من پێشتر بەرنامەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵیم هەیە لە رێگەی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی گەیەنرا و نەگەیەنراو ( بەهۆی بەکار هێنانی کێبڵ یان سەتەلایت)؟**

لەوانەیە تۆ بەرنامەکانی دیجیتاڵی وەربگریت ئەگەر بەشداری بکەیت لە گورزەیەکی خزمەتگوزاری دیجیتاڵی وەیان ئاست بەرز ( HD) لەوێستگەی تەلەفزیۆنیەکەت وە تەماشای بەرنامەکانی دیجیتاڵی لەسەر تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی بکەیت. هەرچۆنێك بێت سیستەمی کێبڵی دیجیتاڵی و خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی سەتەلایت هەموو کات بریتي نیە لە تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ(DTV). لەوانەیە سیستەمی کێبلێ یان سەتەلایتی تەلەفزیۆنیەکەت تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی بەکار بێنێت وەکو رێگەیەکی باشتر بۆ ناردنی بەرنامەکانی ئەنەلۆگی بۆ تۆ.ئەگەر تۆ تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگیت هەیە، ئەوا لەوانەیە تۆ سیستەمی دیجیتاڵی وەرنەگریت هەتاکو ئەگەر وەرگرتنی پەخشەکانیش تارادەیەك باشتر بێت. لەگەڵ وێستگەی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی سەتەلایت وەیان کێبڵی دڵنیابەوە کەوا تۆ کام جۆری بەرنامەکان دەتوانیت وەربگریت، وە پێویستیت بە چ ئامێرێك دەبێت بۆ وەرگرتن و سەیر کردنیان.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**بەکارخەری کێبڵی پێشنیاری پێدانی گورزەیەکی کێبڵی دیجیتاڵی بۆ من کرد. ئایا ئەمە هەروەك وەکو HDTV وایە؟**

نەخێر: " کێبڵی دیجیتاڵی " و بەرنامەکان تەلەفزیۆنی ئاست بەرز لەسەر کێبڵ هەمان شت نین. ئەگەر تۆ بتەوێت سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئاست بەرز (HDTV) لەسەر خزمەتگوزاری کێبڵی بکەیت ، ئەوا تۆ پێویستیت بە بەشداری کردن لە گورزەی تەلەفزیۆنی ئاست بەرزی وێستگەی تەلەفزیۆنی کێبڵی هەیە بۆ سەیر کردنی بەرنامەکان لەسەر تەلەفزیۆنی ئاست بەرز. هەروەها لەوانەیە پێویستیت بە ئامێری STB یان ئامێری تر هەبێت بۆ سەیر کردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئاست بەرز. لەگەڵ وێستگەی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی کێبڵی دڵنیابەوە کەوا تۆ کام جۆری بەرنامەکان دەتوانیت وەربگریت، وە پێویستیت بە چ ئامێرێك دەبێت بۆ وەرگرتن و سەیر کردنیان.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا دەبێت تۆرەکانی تەلەفزیۆنی وەکو MSNBC،CNN و Lifetime و هی تریش بگۆردرێن بۆ پەخشی دیجیتاڵی؟**

نەخێر: پێداویستی ئێستای گۆران لە ئەنەلۆگ بۆ دیجیتاڵ لەسەر ئەو وێستگانەی پەخشی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو جێ بەجێ دەبن کەوا شەپۆلی هەوائی گشتی بەکار دەهێنن بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەخۆرا. هەرچۆنێك بێت ، لەبەر ئەوەی وێستگەکانی کێبڵی سیستەمەکانیان دەگۆرن بۆ سیستەمی دیجیتاڵی ، بۆیە لەوانەیە پێویستیت بە شداری کردن لە ئاستە دیجیتاڵیەکەیان بێت بۆ ئەوەی بتوانیت بەردەوام بیت لە وەرگرتنی ئەم بەرنامە پەخش نەکراوە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا سیستەمی کێبڵەکەم دەتوانێت بەرنامەکان بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیجیتاڵی کە وا دەکات بەشداری لە خزمەتگوزاری دیجیتاڵی بکەم؟**

سیستەمی گەیەنراوەکەت ( سیستەمی کێبڵی) بریار دەدات چ کاتێك بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی لەسەر ئاستێکی دیجیتاڵی جێ بەجێ بکەیت ، کە لەوانەیە مانای وا بێت کەوا تۆ پێویستیت بە ئامێرێکی دیجیتاڵی هەیە. هەرچۆنێك بێت ، هەموو وێستگە ناوخۆکانت بەردەوام دەبن لەسەر شێوازی ئەنەلۆگی تا ئەم کاتەی کەوا سیستەمی کێبڵیەکەت هەر خزمەتگوزاریەکی ئەنەلۆگی دەخاتە بەردەست.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا پێویست دەکات کریارەکانی کێبڵ کەوا تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگیان هەیە ئامێری وەرگرتنی پەخشە جیاوازەکان ( STB) بکرن وەیان بەکرێ لە کۆمپانیای کێبڵەکەیان بێنن؟ ئەگەر ئەمە پێویستە ، ئەوا چەند پارەی تێدەچێت؟**

سەرەتا، ئەوە گرنگە کە بزانیت کەوا بەرواری کۆتایی 17 شوباتی 2009 بۆ گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی تەنها لەسەر وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو جێ بەجێ دەبن. حکوومەت لەسەر کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری گەیەنراو ( بەبەکار هێنانی کێبڵ ) پێویست ناکات سیستەمەکانیان بگوازنەوە بۆ سیستەمی دیجیتاڵی ، وە دەتوانن بەردەوام بن لەسەر پەخش کردنی کەناڵەکان بەشێوازی ئەنەلۆگی بۆ بەکار هێنەران. لە راستیدا بە گوێرەی یاساکانی FCC پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری کێبڵی بەردەوام بن لەسەر نیشاندانی وێستگەکانی ناوخۆ بۆ بەکارهێنەرانی بەشێوازی ئەنەلۆگ تا ئەم کاتەی کەوا هەر خزمەتگوزاریەکی ئەنەلۆگی پێشکەش ئەکەن. ئەم پێویستیە ( داواکاریە) بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی 3 ساڵ لەدوای 17 ی شوباتی 2009 بەردەوام دەبێت. لیژنەکە لەساڵی 2011 بریار دەدات ئاخۆ ئەم داواکاریە پێویستە لەدوای 17 ی شوباتی 2012 بەردەوام بێت. ئەمەش مانای وایە کەوا ئەم کریارانەی کەوا خزمەتگوزاری کێبڵی ئەنەلۆگی وەردەگرن ( بەبێ بەکارهێنانی ئامێری وەرگرتنی پەخشە جیاوازەکان ( STB) ) دەتوانن لەسەر ئەمە بەردەوام بن.

هەرچۆنێك بێت، لەبەر هۆکاری بازرگانی ( لەنێو شتەکانی تر، دیجیتاڵ زۆر لە ئەنەلۆگ کاریگەر ترە) ، لەوانەیە کۆمپانیاکانی کێبڵی حەزیان لە گواستنەوەی سیستەمەکانیان بێت لە ئەنەلۆگی بۆ دیجیتاڵی. ئەگەر کۆمپانیایەکی کێبڵی بریارێکی بازرگانی بدات بۆ ئەوەی هەموو سیستەمەکەی بگۆرێت بۆ دیجیتاڵی ( واتە هیچ کەناڵێك بۆ خەڵك بەشێوازەی ئەنەلۆگ پێشکەش ناکات) ، ئەوا دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کەوا ئەو کریارانەی کەوا تەلەفزیۆنی پەخش ئەلەنۆگیان هەیە دەتوانن بەردەوام بن لەسەیر کردنی وێستگەکانی پەخش کردنی ناوخۆ. لەوانەیە ئەمە لەسەر ئەم کریارانەی کەوا تەلەفزیۆنی پەخش ئەلەنۆگیان هەیە پێویست بکات ئامێری وەرگرتنی پەخشە جیاوازەکان ( STB) بەکار بێنن) . ئەگەر کۆمپانیایەکی کێبڵی ئامێری STB بدات بە کریارەکانی ، ئەوا هەر تێچوویەکی کەوا پەیوەندی بەم ئامێرەوە هەبێت لەلایەن کۆمپانیا کێبڵیەکەوە دیاری دەکرێت. بۆیە ، باشتر وایە کەوا کریارەکانی کێبڵی ئەنەلۆگی پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری کێبڵی بکەن بۆ ئەوەی بزانن ئەگەر ئامێری STB پێویست بێت ، وەیان کەی پێویست دەبێت ، وەیان ئەگەر پارە پێویست بێت.

هەروەها ئەمەش گرنگە کە تێبینی ئەوە بکەیت کەوا ئامێری STB جیاوازە لە وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ. وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ تەنها بۆ تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی پێویستە کەوا بەرنامەکانیان راستەوخۆ لە رێگەی بەستنی ئەنتێنایەکی سەربان وەیان ئاریێلی " گوێ کەرویشك " لەگەڵ تەلەفزیۆنەکە. وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ

پێویست نیە بۆ تەلەفزیۆنێك کەوا بەستراوە بە خزمەتگوزاریەکی تەلەفزیۆنی بەپارە وەکو وێستگەی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی یان کێبڵی. دەبێت زانیاری پێویست لەسەر هەر ئامێرێکی STB پێویستە بۆ خزمەتگوزاری بە پارە وەکو سەتەلایت و کێبڵ لەلایەن وێستگەی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی بەدەست بهێنرێت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا گواستنەوە ( گۆڕان بۆ) بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی کاریگەری دەبێت لەسەر ئامێرەکانی تەلەفزیۆن کەوا بەستراون بەخزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی نەگەیەنراو ( سەتەلایت)؟**

گواستنەوە بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی کاریگەری نابێت لەسەر ئەم بەشداربووانەی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کەوا وێستگە تەلەفزیۆنە ناوخۆکانیان لە رێگەی سنی سەتەلایتەوە وەردەگرن و سەیر دەکەن. خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی سەتەلایت بریتیە لە خزمەتگوزاریەکی دیجیتاڵی وە دەبێت هەموو بەشدار بووانی سەتەلایت ئامێری STB یان لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەکانی سەتەلایت وەربگرن. لە ئەنجامی ئەمەش ، نابێت هیچ پارەیەك لە بەشداربووانی سەتەلایت وەربگیرێت تەنها ئەگەر وێستگە تەلەفزیۆنە ناوخۆکان لەلایەن وەکیلی گواستنەوەی کەلوپەلەکانەوە نەدرابێت. ئەگەر لە خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی سەتەلایت بەشداری بکەیت ، ئەوا دەبێت تۆ لەگەڵ کۆمپانیای سەتەلایتەکە قسە بکەیت دەربارەی ئەوەی ئاخۆ دەتوانیت گورزەی وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوخۆ وەربگریت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**وەرگێڕی کارەبایی ( کۆنڤێرتەر)**

**ئایا بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێڕی کارەبایی ( کۆنڤێرتەر) چیە؟**

بە مەبەستی یارمەتیدانی هاوڵاتیان لەکاتی گۆڕینی تەلەفزیۆنەکانیان بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی ، حکوومەتی ئەمریکی بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێڕی کارەبایی ( کۆنڤێرتەر) داهێنا. بەڕێوەبەرایەتی نیشتیمانی بۆ گەیاندن و زانیاریەکان(NTIA) کە بەشێکە لە بەشی بازرگانی ئەم بەرنامەیە بەڕێوە دەبات. هەموو خێزانێکی ئەمریکی شیاوە بۆ وەرگرتنی دوو کۆبۆن ، کە هەریەکەیان دەکاتە 40 $، بەرانبەر بە کڕینی وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ . لە مانگی کانوونی دووەمی 2008 وە، NTIA دەستی کردووە بە قبوڵ کردنی داواکاریەکان بۆ وەرگرتنی کۆبۆن لەلایەن هاووڵاتیان. لەوانەیە کۆبۆنەکان تەنها بەکاربێن بۆ وەرگێڕی کارەبایی شیاو کەوا لە لایەن فرۆشیارە بەتاکەکانی کەلوپەلی کارەبایی دەفرۆشرێن ، وە دەبێت کۆبۆنەکان لە کاتی کڕینیان بەکار بێن.( تکایە ئاگادار بە کەوا بەرواری ئەم کۆبۆنانە دوای 90 ڕۆژ لە ناردنیان بەسەر دەچن ( ئێکسپایەر دەبن) ) . کۆمپانیا دروستکەرەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کەوا نرخی فرۆشتنی هەریەك لە وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بگاتە 40-70$. ئەمەش تێچووی کڕینی یەك جارە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ سەردانی سایتی [www.dtv2009.gov](http://www.dtv2009.gov) بکە ، وەیان تەلەفۆن بۆ 1-888-388-2009 ( دەنگ) وەیان 1-877-530-2634 (TTY) بکە

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا بەرنامەی کۆبۆن کام جۆری وەڕگێڕی کارەبایی ( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەگرێتەوە؟**

بەڕێوەبەرایەتی نیشتیمانی بۆ گەیاندن و زانیاریەکان(NTIA) لیستێکی وەڕگێری کارەبایی لەسەر سایتی [https://www.ntiadtv.gov/cecb_list.cfm](https://www.ntiadtv.gov/cecb_list.cfm) هەیە.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا دەتوانم زیاتر لە یەك تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ لەگەڵ یەك وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بەکاربهێنم( دابنێم)؟**

تۆ پێویستیت بە وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەبێت بۆ هەر تەلەفزیۆنێك یان ئامێرێکی تر ( وەکو ڤیدبۆ سی دی (VCR) ) کەوا تەنها یەك تیونەری ئەنەلۆگی تیادایە. بەشێوەیەکی سەرەکی وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ شوێنی تیونەری ئەنەلۆگی دەگرێتەوە لە یەك بەشی ئامێرێك. بۆیە ئەگەر تۆ دەتەوێت تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی وVCR لەهەمان کاتدا بەکاربهێنیت ( بۆ نموونە ، بۆ سەیر کردنی بەرنامەیەك و تۆمار کردنی بەرنامەیەك لەهەمان کاتدا) ، ئەوا تۆ پێویستیت بە دوو وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەبێت.

[گەرانەوە بۆ پرسیارەکان]

**ئایا وەرگێڕی کارەبایی دیجیتال بۆ ئەنەلۆگ ( کە بەکاردێت بۆ گۆڕینی پەخشەکانی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بەمەبەستی سەیر کردنیان لەسەر تەلەفزیۆنەکانی ئەنەلۆگ) ژێرنووسی داخراوی دیجیتاڵیش دەگۆڕێت؟**

بەڵێ . یاساکانی FCC پێویست دەکات کەوا وەرگێڕە کارەبایەکانی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بتوانن ژێرنووسی داخراوی دیجیتاڵی ڕاستەوخۆ بگۆڕن بۆ ئەوەی لەسەر تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی نیشان بدرێت. سەیری http://www.fcc.gov/cgb/consumerfacts/dtvcaptions.html بکە.

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان

**من ئەنتێنایەکی کۆنم هەیە کەوا بەهۆی دوو تەلی کارەبایەوە بەستراوە بە تەلەفزیۆنەکەم. ئایا من دەتوانم وەرگێڕێکی کارەبایی لەگەڵ ئەم ئەنتێنایە بەکار بهێنم؟**

بەڵێ ، بەڵام پێویستە دوو گونجێنەری کارەبایی ( ئەداپتەر) بهێنیت( هەروەها پێی دەڵێن " بالیون " وەیان " ترانسفۆڕمەری گونجاندن " ، هەروەك لەم وێنانەی خوارەوە نیشاندراوە). وایەری ئەنتێنا دوو سەریەکەت لە شوێنەکانی بەستنی ئەنتێناکەت لەناو تەلەفیۆنەکەت بکەوە. وایەری دووسەر یەکەی ئەنتێنایەکە ببەستە لەگەڵ شوێنی بەستی ئەنتێنایەکە لەسەر گونجێنەرە کارەبایە ( ئەداپتەر) دوو سەرەکە ( یەکەم وێنە لەخوارەوە) . پاشان گەیەنەری تەوەرەیی ئەداپتەرەکە دووسەرەکە بخەناو دەرچەی ( پۆرت) " دانانی ئەنتێتانەکە( RF)" لەسەر وەرگێڕە کارەبایەکە. سەرێکی وایەری یەك تەوەرەیەکە بخەرە ناو پۆڕتی " لەدەرەوە بۆ ناو تەلەفزیۆن( RF) " لەسەر وەرگێڕە کارەبایەکە. سەرەکەی تری بخەرە ناو ئەداپتەرە تەوەرەیەکە( وێنەی دووەم لەخوارەوە). پاشان ئەداپتەرە تەوەرەییەکە ببەستە لەگەڵ کۆتایە دووسەرەکانی " شوێنی خستنە ناوی ئەنتێناکە" لەسەر تەلەفزیۆنەکە.



جێگیر کردن و بەستنی وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ( بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ وایەری ئەنتێنای دووسەر )

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان

**پرسیاری گشتی**

**ئەی چی دەربارەی تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەم کەوا بە پاتری کار دەکات و توانای گواستنەوەی هەیە؟ من ئایا من دەتوانم لە دوای 17 ی شوباتی 2009 سەیری تەلەفزیۆن بکەم ؟**

لەوانەیە تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ کەوا بە پاتری کار دەکات و توانای گواستنەوەی هەیە توانای وەرگرتنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەبێت لەدوای 17 شوباتی 2009 ئەگەر ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە لەگەڵ وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ببەسترێت. لەبەر ئەوەی وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ کەوا بە پاتری کار دەکات لەکاتی ئێستادا دەست ناکەون، بۆیە دەبێت سەرچاوەیەکی دەرەکی ووزەی کارەبا بەکار بێت. ئەگەر کارەباي نیشتمانی نەبێت ، ئەوا لەوانەیە سەرچاوەی ووزەی کارەباي پاتریەکی دەرەکی وەیان مۆلیدەیەك بتوانێت ووزەی کارەبایی پێویست بۆ بەکارخستنی ئەم وەرگێڕە دابین بکات.

هەروەها تەلەفزیۆنی دیجیتاڵیش کەوا بە پاتری کار دەکات و توانای گواستنەوەی هەیە دەخرێنە بازاڕەوە. ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت نیشانە و لەزگەی وای لەسەر بوو کە نووسرابوو "Integrated Digital Tuner," “Digital Tuner Built-In,” “Digital Receiver,” یان “ATSC,” “DTV,” “Digital Tuner,” یان “HDTV Built-In” ، ئەوا مانای وایە دەبێت تۆ بتوانیت سەیری بەرنامەکانی دیجیتاڵی بکەیت بەبێ بەکارهێنانی وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ. تکایە قسە لەگەڵ فرۆشیاری کەرستەی کارەبایی بکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە بوونی ئەمە کەرستانە و دەست کەوتنی زانیاری زیاتر لەسەریان.

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان

**ئایا رادیۆی AM/FM لەناو تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەم لەدوای 17 ی شوباتی 2009 هێشتا کار دەکات ؟**

هەرچەندە گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ کاریگەری نابێت لەسەر پەخشی رادیۆیی AM/FM ، بەڵام کارکردنی رادیۆیەك لەناو تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی پشت دەبەستێت بە ئامێرەکە و شێوەی تایبەتی ئامادە کردنی بەرنامەکانی لەلایەن تۆوە.

ئەگەر هیچ وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ لەگەڵ یەکەی بەیەك بەستنی تەلەفزیۆن\ رادیۆ نەگەیەنرا بوو ، ئەوا رادیۆی ناو تەلەفزیۆنەکەت وەکو پێشتر بەردەوام دەبێت لە کارکردن

ئەگەر وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بەسترا بوو لەگەڵ یەکەی بەیەك بەستنی تەلەفزیۆن\ رادیۆ، وە یەکەکە پشت بە ئەنتێنایەکی دەرەکی ببەستێت کەوا لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایەکە بەسترابێت بۆ وەرگرتنی شەپۆڵەکانی ڕادیۆ، ئەوا ئەم رادیۆیە کار دەکات ئەگەر وەرگێڕە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکە تایبەتمەندی رێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی تیادا بێت. NTIA لیستێکی وەرگێڕی بەتوانای دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ لە سایتی **www.ntiadtv.gov/cecb_list.cfm** هەیە( کەوا بەهێمای ئەستێرە نیشانە کراوە) . هەروەها رادیۆکە کار دەکات ئەگەر یەکەکە لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایەکەش نەبەسترا بێت.

ئەگەر یەکەی بەیەك بەستنی تەلەفزیۆن \رادیۆ پشت ببەستێت بە ئەنتێنایەکی جیا بۆ رادیۆی AM/FM کەوا لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکە نەبەسترابێت ، ئەوا دەبێت بتوانێت پەخشەکانی رادیۆی AM/FM وەربگرێت ئەگەر یەکەکە لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگیەکە بەسترا بێت یان نا.

**گەرانەوە بۆ پرسیارەکان**

**ئێستا رادیۆکەی من بەشی کەناڵە دەنگیەکانی تەلەفزیۆنەکەم وەردەگرێت. ئایا لەدوای 17 ی شوباتی 2009 کار دەکات؟**

ئەم رادیۆیانەی کە دروست کراون بۆ گۆڕینی بەشە دەنگیەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ ناتوانن بەشی دەنگیەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی وەربگرن. لەوانەیە تۆ بتەوێت رادیۆ یان تەلەفیزیۆنێکی دیجیتاڵی نوێت دەست بکەوێت کەوا توانای گواستنەوەیان هەیە و دەتوانن بەشی دەنگی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی وەربگرن هەر کاتێك کە دەکەونە بازاڕ.

**گەرانەوە بۆ پرسیارەکان**

**وێستگەی رادیۆیی ناوخۆی AM/FM کەناڵی دەنگی تەلەفزیۆن دووبارە پەخش دەکاتەوە. ئایا ئەم وێستگەی رادیۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر کار کردن لەدوای 17 شوباتی 2009؟**

بەشی دەنگی و ڤیدیۆ لە نیشانەی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بەشێوەیەك لەگەڵ یەك دانراوە کەوا لەوانەیە پێویستی بە پەخشکەرەوەیەکی AM/FM ی بەشی دەنگی وێستگەی تەلەفزیۆنی هەبێت بۆ دانانی ئامێری زیاتر بەمەبەستی بەردەوام بوونی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە. تکایە پەیوەندی بە وێستگەی پەخشی رادیۆیی AM/FM بکە بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ بەردەوام دەبن لەسەر پەخش کردنەوەی کەناڵی دەنگی تەلەفزیۆن.

**گەرانەوە بۆ پرسیارەکان**

**وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی دووبارە وێستگەکانی دەنگی AM/FM پەخش دەکاتەوە لەسەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنی. ئایا من هێشتا دەتوانم گوێ لە دووبارە پەخش کردنەوەی ئەم وێستگە رادیۆیانە بگرم لەدوای 17ی شوباتی 2009؟**

ئەگەر وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوخۆ دووبارە وێستگە رادیۆکان لەسەر کەناڵێکی وێستگەی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو پەخش بکاتەوە ، ئەوا تۆ پێویستیت بە وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەبێت بۆ سەیر کردنی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنیە و گوێ گرتن لەهەر کەناڵێکی تری دەنگی ( ئۆدیۆ) لەسەر تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی.

**گەرانەوە بۆ پرسیارەکان**

**ئایا وێستگەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بەردەوام دەبێت لە پێدانی ئاگادار کردنەوەی فریاگوزاری؟**

بەڵێ . لەسەر وێستگەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ پێویستە بەردەوام بن لەسەر بەکارخستنی سیستەمی ئاگادار کردنەوەی فریاگوزاری (EAS). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (EAS) ، تکایە سەردانی **www.fcc.gov/cgb/consumerfacts/eas.html** بکە.

**گەرانەوە بۆ پرسیارەکان**

**ئایا وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە کەم (LPTV) و جۆری A و وەرگێر چیە وە چۆن گۆڕان بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ کاریگەری دەبێت لەسەریان؟**

لەوانەیە تۆ تێبینی ئەوەت کردبێت کەوا کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاڕی لەسەر ئەوەدا کەوا وێستگەکانی تەلەفزیۆنی " ووزە تەواو " ناتوانن لەدوای 17 شوباتی 2009 پەخشەکانیان بە شێوازی ئەنەلۆگ بڵاوبکەنەوە . لە کاتێکدا زۆربەی وێستگەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی کە ئێستا خەڵک تەماشایان دەکات بریتین لە وێستگەی ووزە تەواو ، وە سێ جۆرەکەی تری وێستگەکانی تەلەفزیۆن بریتین لە وێستگەی " ووزە کەم" ، وێستگەی " جۆری A" ، وێستگەکانی " وەرگێری تەلەفزیۆن" . لەکاتی ئێستادا هیچ دوا کات بۆ ئەم وێستگانە نیە بۆ ئەوەی پەخشەکانیان بگۆڕن بۆ پەخشی دیجیتاڵی.

FCC خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی ووزە کەمی (LPTV) لەساڵی 1982 داهێنا بۆ ڕەخساندنی چەند هەڵێك لەبەردەم خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە کۆمەڵگە بچووکەکان. لەوانەیە ئەم کۆمەڵگانە بریتی بن لە ناوچە گوندنشینەکان یان کۆمەڵگە تاکەکان لەناو ناوچە گوندنشینەکان. وێستگەکانی LPTV لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوی هەمەجۆرەوە بەکار دەخرێن لەوانەش قوتابخانە دواناوەندیەکان و کۆلێژ و کەنیسە و کۆمەڵە دینیەکان و حکوومەتی هەرێمی و ناوخۆیی و پرۆژەی بازرگانی گەورە و بچووك و هاووڵاتیان. زیاتر لە 2,100 وێستگەی مۆڵەت پێدراوی LPTV ئێستا کار دەکەن. دەکرێت بەرنامەکانی LPTV ئەمانەی تیادا بێت : بەرنامەی پەخش کراو لە ڕێگەی سەتەلایت، بەرنامەی بڵاوکراوەکان ، فیلم ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەم بەرنامانەی لەناوخۆوە بەرهەم هێنراون.

وێستگەکانی تەلەفزیۆنی جۆری A بریتیە لە وێستگەکانی پێشووی LPTV کەوا چەندین مافی پاراستنی بەیەکداچوونی شەپۆلەکانی هەیە کە هەمان ماف بۆ وێستگەکانی LPTV دەستەبەر نەکراوە. ئەم وێستگانە بە شێوەیەکی تەکنیکی هاوشێوەی وێستگەکانی تری LPTV ین ، بەڵام بە پێچەوانەی وێستگەکانی LPTV دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەفتانە بۆماوەی سێ کاتژمێر بەرنامە ناوخۆیە ئامادە کراوەکان پەخش بکەن و پابەند بن بە زۆربەی یاساکانی نا تەکنیکی کەوا لەسەر وێستگەکانی ووزە تەواو جێ بەجێ دەبێت. نزیکەی 600 وێستگەی تەلەفزیۆنی مۆڵەتی پێدراوی جۆری A ئێستا کار دەکەن.

وێستگەی تەلەفزیۆنی جۆری وەرگێڕ بەرنامەکانی وێستگەی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو پەخش دەکات. وێستگەکانی وەرگێڕی تەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی تایبەتی خزمەتی ئەم کۆمەڵگایانە دەکەن کەوا ناتوانن نیشانەکانی تەلەفزیۆنی وێستگەکانی تەلەفزیۆنی وەربگرن چونکە زۆر دوورن لە وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو وەیان لەبەر هۆی بارودۆخی جوگرافی ناوچەکە ( وەکو زەوی بڵند و ناڕێك و چیاکان) . زۆر لەم 4,700 وێستگەی تەلەفزیۆنی وەرگێڕی مۆڵەت پێدراو لە ناوچە شاخاویەکان وەیان ناوچە زۆر دوورەکانی ئەو ووڵاتە کاردەکەن.

چەندین ڕێگە هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئەم وێستگانەی کەوا تۆ ڕاستەوخۆ تەماشایان دەکەیت ( بە بەکارهێنانی ئەنتێنایەکی سەربان وەیان ئاریێڵی " گوێ کەروێشك " کەوا لەگەڵ تەلەفزیۆنەکەت دانرابێت) بریتین لە وێستگەی LPTV ، جۆری A یان وێستگەی وەرگێڕی تەلەفزیۆنی . لەسەر وێستگەکانی جۆری A پێویستە بەشێوەی بینراو یان بیستراو وێستگەکانیان بە بینەرانیان بناسێنن بەهۆی مۆڵەت و نیشانەکانی پەخش کردن ( کەوا پاشگری وەکو "CA" تیادا بێت بۆ جۆری A) لە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی وێستگەکە وە لەسەر بنەمای هەموو کاتژمێرێك. هەروەها دەبێت وێستگەکانی LPTV نیشانی پەخشی وێستگەکەیان بەشێوەیەکی بەردەوام دەست نیشان بکەن. کاتێك بەرنامەکان لەناوخۆوە ئامادە دەکرێن ، دەبێت بەشێوەی بینراو یان بیستراو وێستگەکانیان بە بینەرانیان بناسێنن بەهۆی مۆڵەت و نیشانەکانی پەخش کردن لە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی وێستگەکە وە لە هەموو کاتژمێرێك. لەوانەیە نیشانەکانی پەخش کردن وێستگەکانی LPTV پێك هاتبێت لە چوار پیت کەوا دواتر پاشگری -LP لەدوایانەوە بێت (کە نیشانەی ووزەی کەمە) ، وەیان لەجیاتی ئەمە ، پێنج پیت یان نیشانە کەوا بە پیتی K یان W دەست پێدەکات و دووژمارەی لەدوا دێت ( کەناڵی بەکارخەریان) لەگەڵ دوو پیتی زیاتر . هەروەها هەندێك وێستگەی وەرگێڕی تەلەفزیۆن لەلایەن ئەم وێستگە ووزە تەواوانە دیاری دەکرێن کە ئەم تەلەفزیۆنانە نیشانەکانی ئەم وێستگانە دووبارە پەخش دەکەنەوە ( دووبارە نیشان دەدەنەوە). زیاتریش لەمە لەوانەیە وێستگەکانی LPTV،جۆری A و وەرگێڕی تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی بەردەوام زانیاریەکان پەخش بکەنەوە بەهۆی پێگەکانیان ، وە لەوانەیە هەندێك زانیاری تیادا بێت دەربارەی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی.

لەکاتێکدا بەرواری کۆتایی 17 ی شوباتی 2009 بۆ کۆتایی هاتنی ماوەی پەخش کردن بە سیستەمی ئەنەلۆگی لەسەر وێستگەکانی ووزە کەم (LPTV) و جۆری A و وەرگێڕی تەلەفزیۆن جێ بەجێ نابن، بەڵام FCC داوا لەم وێستگانە دەکات لەکاتێکی دواتر پەخشەکانیان بۆ دیجیتاڵی بگۆڕن. نزیکەی 2000 لەم وێستگانە ڕێگەیان پێدراوە ئاسانکاری خزمەتگوزاری دیجیتاڵی ئامادە بکەن وە هەندێکیشیان پێشتر بە شێوازی دیجیتاڵی پەخشەکانیان بڵاودەکەنەوە. FCC لە کاتی ئێستادا کار بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی تایبەت بە گواستنەوەی وێستگەکانی دیجیتاڵی ووزە کەم دەکات و لەداهاتوو بڕیاڕی دیاری کراو لەسەر ئەم وێستگانە دەدات.

ئەگەر تۆ تەلەفزیۆنێکی تەنها ئەنەلۆگت هەیە کەوا بەرنامەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ پارە وەردەگرێت (بە بەکارهێنانی ئەنتێنایەکی سەربان وەیان ئاریێڵی " گوێ کەروێشك " کەوا لەگەڵ تەلەفزیۆنەکەت دانرابێت)، ئەوا تۆ پێویستە وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بکڕیت بۆ ئەوەی بتوانیت سەیری تەلەفزیۆنی پەخش دیجیتاڵی بکەیت. هەموو خێزانێکی ئەمریکی

شیاوە بۆ وەرگرتنی دوو کۆبۆنی 40 دۆلاری بۆ ئەوەی بەکار بێنێت لە کڕینی دوو وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ. بەڕێوەبەرایەتی نیشتیمانی بۆ گەیاندن و زانیاریەکان(NTIA) بەرنامەي کۆبۆن بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتی دەکات.( تکایە تێبینی ئەوە بکە کەوا ئەم کۆبۆنانە لەدوای 90 ڕۆژ لە ناردنیان ئێکسپایەر دەبن ) . زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە لەسەر www.dtv2009.gov هەیە ، وەیان بەهۆی پەیوەندی کردن بە 2009-388-888-1(دەنگ) یان 1-877-530-2634(TTY)

ئەگەر تۆ وەرگێڕێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بکڕیت بۆ سەیر کردنی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ لەسەر تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگ و هەروەها ئەگەر حەزت لێبێت بەردەوام بیت لەسەیر کردنی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی ووزە کەم وەیان وێستگەکانی وەرگێری تەلەفزیۆن ، ئەوا دەبێت وەرگێرێکی کارەبایی بکڕیت کەوا تایبەتمەندی " ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی" لەگەڵ دابێت ، کەوا ڕێگەی بە نیشانەکانی پەخشی ئەنەلۆگی دەدات بەنێو وەرگێرە کارەبایەکەدا بڕوات بۆ ئەوەی لەلایەن تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەتەوە بگۆڕێت. بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێری کارەبایی تەلەفزیۆن کەوا لە لایەن NTIA سەرپەرشتی دەکرێت مۆدێلی ئەم وەرگێرە کارەبایانەی دیاری کردوە کەوا تایبەتمەندی " ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگیان" لەگەڵدایە. لیستێکی وەرگێرە کارەبایە شیاوەکان لەکاتی ئێستادا لەسەر سایتی https://www.ntiadtv.gov/cecb_list.cfm دەست دەکەوێت. مۆدێلی ئەم وەرگێرە کارەبایانەی کەوا تایبەتمەندی " ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی" لەگەڵیان دایە لەم لیستەدا نووسراون کە نیشانەی (*) لە تەنیشتیان نووسراوە. سەرباری ئەمەش، NTIA لیستێکی وەرگێرە کارەبایە شیاوەکانی بەرنامەی کۆبۆن ( کە نیشانەی *لەتەنیشت ئەم وەرگێرە کارەبایانە نووسراوە کەوا تایبەتمەندی " ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی" لەگەڵیان دایە) دەنێرێت بۆ هەر خێزانێك کەوا کۆبۆنی وەرگێری کارەبایی وەردەگرێت . هەروەها دەتوانیت لەگەڵ فرۆشیارەکەت دڵنیا بیتەوە لەوەی ئاخۆ ئەم وەرگێرەی کەوا تۆ دەیکڕیت تایبەتمەندی ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی لەگەڵدایە یان نا.

ئەگەر تۆ وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بکڕیت کەوا تایبەتمەندی ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی لەگەڵدا نەبێت ، ئەوا لەوانەیە پێویست بکات تۆ سویچێکی ئەنتێنا وەیان" دابەشکەری( splitter)" نیشانەکان ببەستیت بۆ تێپەڕ کردنی وەرگێرە کارەبایەکە ئەگەر بتەوێت سەیری پەخشی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ بکەیت. لەگەڵ فرۆشیار و کۆمپانیای دروستکەری وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ قسە بکە ئەگەر ڕێنمایی زیاترت پێویست بوو لەسەر چۆنیەتی بەستنی وەرگێرە کارەبایەکە بۆ سەیر کردنی پەخش و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی لە هەردووك وێستگەی ئەنەلۆگی و دیجیتاڵی.

دەبێت بینەران سەیری ئەم زانیاریانە بکەن کەوا لەلایەن وێستگەکانی وەرگێری تەلەفزیۆنی ، جۆری A و LPTV دەدرێت دەربارەی پلانەکانی گۆڕان لە پەخشی ئەنەلۆگی بۆ پەخشی دیجیتاڵی. هەروەها دەبێت بینەران سەردانی سایتی www.fcc.gov بکەن بۆ دەست کەوتنی زانیاری دەربارەی هەر شتێکی نوێ لەسەر گۆڕینی ( گواستنەوەی) دیجیتاڵی وێستگەکانی وەرگێری تەلەفزیۆنی ، جۆری A و ووزە کەم.

لیستێکی هەموو وێستگەکانی وەرگێری تەلەفزیۆنی ، جۆری A و LPTV: ئێکسڵ

**ئامرازی گەڕان بەدوای وێستگەی تەلەفزیۆنی ووزە کەم (LPTV)**

**گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان**

**ئایا ڕێگە هەمەجۆرەکانی سەیر کردنی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ چیە لە وێستگەکانی وەرگێر یان LPTVلەدوای گۆڕان و گواستنەوە بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ؟**

بۆ سەیر کردنی پەخشەکانی وێستگەیەکی ئەنەلۆگی LPTV یان وەرگێر کەوا بەهۆی ئەنتێنایەکەوە وەردەگیرێت ، دەتوانیت یەکێك یان زیاتر لەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:

- تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگ بگەیەنە ( ببەستە) لەگەڵ ئەنتێنایەك بۆ سەیر کردن پەخشەکانی وێستگەیەکی ئەنەلۆگی LPTV یان وەرگێر.
- وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بکڕە کەوا تایبەتمەندی " ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی ئەنەلۆگی" تیادا بێت . بۆ سەیر کردنی لیستی ئەم وەرگێرە کارەبایانەی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ کەوا لەلایەن NTIA وەکو شیاو بۆ بەرنامەی کۆبۆنی وەرگێری کارەبایی تەلەفزیۆنی دیاری کراون ، کلکێك لەسەر سایتی https://www.ntiadtv.gov/cecb_list.cfm بکە و بەدوای ئەم وەرگێرانەدا بگەڕێ کەوا نیشانەی * لەتەنیشتیان نووسراوە. تایبەتمەندی ڕێگەدان بە تێپەڕ بوونی ئەنەلۆگی وا دەکات تۆ بتوانیت سەیری پەخشەکانی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی و تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی بکەیت لەرێگەی وەرگێرە کارەبایەکە.
- وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بکڕە کەوا توانی ( تایبەتمەندی) ڕێگەدان بە تێپەڕ بوونی ئەنەلۆگی تیادا نەبێت ، وەپاشان لەگەڵ " دابەشکەری نیشانەکانی پەخش" وەیان سویچی ئەنتێنایەك بیبەستە بۆ ئەوە هەردووك پەخشی ئەنەلۆگی و دیجیتاڵی وەربگرێت . قسە لەگەڵ فرۆشیاری کەلوپەلی کارەبایی بکە ئەگەر هەر ڕێنمایەکەت پێویست بوو

دەربارەی چۆنیەتی بەستنی وەرگێری کارەبایی بۆ سەیر کردنی پەخشی تەلەفزیۆنی لە هەردووك وێستگەی دیجیتاڵی و ئەنەلۆگی.

- تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی بکڕە. تەلەفزیۆنێك کەوا تیونەری دیجیتاڵی لەگەڵدا بێت دەتوانێت وێستگەکانی دیجیتاڵی و ئەنەلۆگی وەربگرێت، کەبەمەش تۆ دەتوانیت سەیری هەردوو بەرنامەکانی دیجیتاڵی و بەرنامەکانی وێستگەی ئەنەلۆگی وەرگێڕ و تەلەفزیۆنی ووزە کەم ( LPTV ) بکەیت تا ئەم کاتەی ئەم وێستگانە بەردەوام دەبن لەسەر پەخش کردن بە شێوازی ئەنەلۆگی.
- بەشداری بکە لەخزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی کێبڵی یان هەر خزمەتگوزاریەکی تری بەپارە کەوا ئەم وێستگە ئەنەلۆگیە نیشان دەدات کە تۆ دەتەوێت ببینیت.


گەرانەوە بۆ پرسیارەکان

**ئایا من دەتوانم سیستەمی کۆنترۆڵ کردنی دایك و باوك وەکو بەرنامەی V-chip لەگەڵ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ بەکاربهێنم کە بەهەمان ئەو ڕێگەیە بێت کەوا من ئێستا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگەکەم  دەتوانم بەکاری بهێنم**

بەڵێ . بەرنامەی V-chip بریتیە لە تەکنەلۆجیایەك کەوا ڕێگە بە دایك و باوکان دەدات ئەم بەرنامە تەلەفزیۆنیانە دابخەن بەگوێرەی ڕیزبەندی بەرنامەکە. ڕیزبەندەکان ( ئاستەکان) بەگوێرەی نیشانەی تەلەفزیۆنی کۆدیان بۆ دانراوە. بەرنامەی V-chip زانیاریەکانی ڕیزبەندە کۆد بۆ دانراوەکان هەریەك لە بەرنامەکان دەخوێنێتەوە وێنەکان دادەخات ( نیشان نادات) بەگوێرەی ئەم کەناڵانەی کەوا دایك باوك نایانەوێت کەسی تر بیان بینێت. یاساکانی FCC داوا دەکات بەرنامەی V-chips لەناو تەلەفزیۆنە دیجیتاڵیەکان و ئامێرەکانی تری وەرگرتنی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ  دابنرێت تەنها کاتێك لەناو تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ دان. دەتوانیت زانیاری زیاترت دەست کەوێت دەربارەی سیستەمی ڕیزبەند کردن کەوا هەروەها پێی دەوترێت " ڕێنمایەکانی تەلەفزیۆنی دایك و باوك" لەسەر سایتی [www.fcc.gov/vchip](http://www.fcc.gov/vchip).

گەرانەوە بۆ پرسیارەکان


**ئایا بۆچی وێنەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکەم بە تەواوی ( بە پڕی) بەدیار ناکەون؟ ئایا بۆچی ستوونەکانی سەرەوە و خوارەوە و لایەکانی وێنەکان بە شێوازی بەرنامەی جیاوازەوە دەردەکەون؟**



تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی ئاسایی ڕێژەی پانی و درێژی بریتیە لە 4:3 ( کە وەکو چوارگۆشەیە) . ئەمەش مانای وایە کەوا پانی شاشەی تەلەفزیۆنەکە 4 ئینجە لەگەڵ 3 ئینج بەرزي. زۆربەی تەلەفزیۆنە دیجیتاڵیەکان قەبارەیان بریتیە لە 16:9 ( شێوەی لاکێشە) وە پێیان دەوترێت "شاشەی پان" . ڕێژەی پانی و درێژی 16:9 زیاتر  لە وێنەی فیلمەکان نزیك دەبێتەوە وە قەبارەی ئەم بەرنامانەی کەوا لە شاشەی قەبارە 16:9 دەردەکەون زیاد دەبن.

کاتێك ڕێژەی درێژی و پانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و تەلەفزیۆنەکەت لەگەڵ یەك ناگونجێن ، ئەوا لەوانەیە ستوونی سەرەوە و لاکانی وێـنەکان دەرکەون بۆ دڵنیابوون لەوەی کەوا وێنەکە نەشێواوە و تێك نەچووە.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو ناوەڕۆکی شاشەی 16:9 لەسەر تەلەفزیۆنی 4:3 نیشان بدرێت ، ئەوا لەوانەیە تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکەت یان وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ستوونەکان لەسەرەوە و خوارەوەی وێنەکان دابنێ –ئەم کردارەش پێی دەوترێت " ڕێکخستنی پانی شاشە" (letterboxing).



بەهەمان شێوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو ناوەڕۆکی شاشەی  4:3لەسەر تەلەفزیۆنی 16:9 نیشان بدرێت ، ئەوا لەوانەیە ستوونەکان لەسەر لایەکانی شاشەکە دابنرێ – ئەم کردارەش پێی دەوترێت " ڕێکخستنی درێژی شاشە"  ( pillar boxing).

هەروەها هەندێ بەرنامە لەماوەی پەخش کردندا بریتین لە" ڕێکخستنی درێژی شاشە" یان  " ڕێکخستنی پانی شاشە". بۆ نموونە، زۆر لە ڕێکلامە بازرگانیەکان بە شێوازی ئەنەلۆگ بە قەبارەی 4:3 دانراون ، بەڵام بە شێوەی ڕێکخستنی پانی شاشە نیشان دەدرێن بۆ مەبەستی نیشاندانی دیمەنێکی " مۆدێرن"  وەیان بۆ بەجێ هێشتنی بۆشایی بۆ نووسین یان ژێرنووسەکان. کاتێك ئەم ڕێکلامە بازرگانیانە لەماوەی بەرنامەیەکی شاشە پانی قەبارە(16:9)  بڵاودەکرێنەوە،



ئەوا دەتوانرێت درێژیەکەشی رێك بخرێت. کاتێك ئەم جۆرە پەخشە لەسەر تەلەفزیۆنی قەبارە 16:9 پەخش دەکرێت ، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی ستوونەکان لەسەرەوە و خوارەوە و لایەکانی شاشە دەرکەون – کەئەم ئەنجامەش پێی دەوترێت " پوولی پۆستە " (postage stamp).

زۆر لە وەرگێرە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکان و تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکان رێگەت پێ دەدەن وێنەکە" گەورە یان بچووك بکەیتەوە" بۆ نەهێشتنی ستوونەکان . ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی کەرت کردنی یان برینی پارچەیەك لە وێنەکە. هەروەها هەندێك لە وەرگێرە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکان و تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکان توانای گۆڕینی وێنەکە بۆ گونجان لەگەڵ شاشەکە دەستەبەر دەکەن ، ئەویش بەهۆی " راکێشان" وەیان " بردنەوە ناویەکی " وێنەکان. تکایە سەیری نامیلکەی خاوەنی وەرگێرە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکان یان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکان بکە بۆ دەست کەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی نەهێشتی ستوونەکان لە رێگەی گەورە کردن و بچووك کردنەوە و راکێشان و بردنەوە ناویەکی وێنەکان لەسەر شاشەکەت.

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان

**بۆچی هەندێك بەرنامە" ڕوونتر " دەردەکەون وەك لەوەی لەسەر تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکەم بەدیار دەکەوێت؟**

بەگوێرەی ئەم تەلەفزیۆنەی کە هەتە ،لەوانەیە تێبینی ئەوە بکەیت کەوا ڕێژەی ڕەونەقی وێنەکە دەگۆڕێت لەنێوان بەرنامەکان. ئەگەر تەلەفزیۆنێك ڕەونەقی زیاتر بێـت ، ئەوا کەناڵە کەم ڕەونەقەکان وەیان بەرنامەکان بە ئاستی کەمی ڕەونەقی خۆیان بەدیار دەکەون. بۆیە، گۆڕین لە نێوان کەناڵ وەیان بەرنامە پەخشکراوەکان بە ڕەونەقی بەرزەوە بۆ کەناڵێك وەیان بەرنامەیەك کەوا ڕەونەقی کەمترە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەیەکی بەرچاوی باشی وێنەکە.

ئەم ڕەونەقیانەی کەوا لەوانەیە وێستگەکان بەکاری بهێنن ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| SDTV STANDARD DEFINITION TELEVISION | **تەلەفزیۆنی ئاست پێوانەیی (SDTV) -** SDTV بریتیە لە ئاستی بنەرەتی جۆری نیشاندان و ڕەونەقی بۆ دیجیتاڵ و ئەنەلۆگ. لەوانەیە گواستنەوەی SDTV لە شێوازی ئاسایی ( 4:3) یان پانی شاشە ( 16:9) بێت و پێك هاتبێت لە 480 هێڵی تێکەڵی ڕەونەقی. |
| EDTV ENHANCED DEFINITION TELEVISION | **تەلەفزیۆنی ئاست باشکراو (EDTV)-** EDTV بریتیە لە ڕێکخستنی بەرنامە لە تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگ و تەلەفزیۆنی ئاست پێوانەیی. EDTV بە شێوازی ئاسایی (4:3) یان پانی شاشە (16:9) دەبێت وە 480 هێڵی ڕووناکی بەرەبەرە زیاد بوو بۆ ڕەونەقی دەستەبەر دەکات. ئەمەش نزیکەی بەقەد دووجار ڕەونەقی تەلەفزیۆنی ئاست پێوانەییە(SDTV) وە بریتیە لەم شێوازەی ( فۆرمات) کەوا زۆرجار لەسەر DVD دەبینرێت. |
| HDTV HIGH-DEFINITION TELEVISION | **تەلەفزیۆنی ئاست بەرز(HDTV) -** HDTV لە شێوازی پانی شاشە (16:9) زۆرترین ئاستی ڕەونەقی و باشی جۆری وێنە لە هەموو شێوازەکانی ( فۆرمات) پەخشی دیجیتاڵی دەستەبەر دەکات. ئەم تەلەفزیۆنە پێك دێت لە 1080 هێڵی تێکەڵ یان 720 هێڵی ڕووناکی ڕەونەقی وە توانای گواستنەوەی دەنگی دیجیتاڵی دەوروبەری هەیە. |

بۆ زانیاری زیاتر ، تکایە سەیری www.dtv.gov/DTV_booklet.pdf بکە.

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکان

**دوا کاتی پێداچوونەوە\لە 09/11/08 ئەنجام دراوە.**